لیژنەی نێودەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانیی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی *(USCIRF)* بریتیە لە کەیانێکی جیاواز و سەربەخۆ لە وەزارەتی دەرەوە. ئەم لیژنەیە لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکیەوە دامەزراوە کە لیژنەیەکی سەربەخۆیە و راوێژ دەکرێت لەلایەن حکومەتی ئەمریکی هەردووك حیزبی سەرەکی کە چاودێری ئازادی ئایینی لە سەرتانسەری جیهان دەکات و رێنماییی سیاسی پێشکەش بە سەرۆك و وەزیری دەرەوە و گۆنگرێسی ئەمریکی دەکات. لیژنەی*USCIRF* ئەم رێنماییانە سەرچاوەدەگرێت لە دەسەڵاتی یاسایی ئێمە و ستاندەرەکانی ناو جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و دۆکیومێنتە جیهانیەکانی تر. راپۆرتی ساڵانەی 2016 ئەنجامی ساڵێك کارکردنی کۆمیسیار و ستافە پرۆفێشناڵەکانە بۆ بە بەڵگەنامەکردنی سەرپێچیەکانی لەسەر زەوی و پێشکەش کردنی رێنمایی سیاسی سەربەخۆ بۆ حکومەتی ئەمریکی. راپۆرتی ساڵی 2016 روماڵی ماوەی نێوان 1 ی فێبریوەری 2015 تا 29ی فێبریوەری 2016 دەکات هەرچەندە لە هەندێك حالەتدا روداوی گرنگ ناوهێنراوە کە دوای ئەم ماوەیە رویانداوە.

## عێراق

**دەرئەنجامە سەرەکیەکان:** کەشی ئازادی ئاینی بەردەوامبوو لە بەرەو کەمبوونەوە لە 2015، بەتایبەتی لە ناوچەکاکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش). داعش هەموو ئەو کەسانە دەکاتە ئامانج کە لەگەڵ ئایدۆلۆجیە ئیسلامیە توندڕەوەکانیان نیە، بەڵام کەمایەتیە نەتەوایەتی و ئاینیەکان، بە مەسیحی، یەزیدی، شیعە، تورکمان، و شەبەکەکانەوە کە زیاتر لەژێر مەترسیدان. لە ساڵی 2015، USCIRF گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە داعش تاوانی جینۆسایدی ئەنجامداوە بەرامبەر ئەم گروپانە و تاوانی دژی مرۆڤایەتی دژی ئەم گروپ و گروپی تریش ئەنجامداوە. لەکاتێکدا کە داعش دیارترین پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە ئاینیەکانە، هێزە گوێزراوە باوەکان (حەشدی شەعبی)، کە لەلایەن سەرۆك وەزیران حەیدەر عەبادیەوە لە مانگی ئەیلولی 2015 بەفەرمی وەکو بەشێك لە عێراق ناساندیانی، بەردەوامبوون لە ئەنجامدانی هێرشی سیستەماتیك دژی موسوڵمانە سوننە مەدەنیەکان، کە بووە هۆی زیادبوونی گرژیەکان. هەرچەندە عەبادی هەوڵیدا کە حەشدی شەعبی بخاتە سەر هێزە حکومیەکان لەڕێگای ئەم مانۆڕەوە، تا ئێستا ئەمە ڕوونە کە ئەم گروپە، کە بەشێوەیەکی تەکنیکی سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، گروپێکی زۆر سەربەخۆیە و لایەنگری شیعەیە، کە بەدەرە لە لایەنە سونەکان. هەرچۆنێک بێت، لەبەرئەوەی حەشدی شەعبی یەکێکە لە کاریگەرترینی ئەو گروپانەی کە دژی داعش شەڕدەکەن، حکومەتی عێراق چالاکیەکانی کەم نەکردونەتەوە و ئەوانەشی سزانەداوە کە توندوتیژیان ئەنجامداوە. ملیۆنەها عێراقی ئێستا پەناهەندەن یان لە ئاستی ناوخۆییەوە ئاوارە بوونە بەهۆی کردەوەکانی داعش و شکستی حکومەت لە پاراستنی کۆمەڵە دیندارەکان. لەسەر بنەمای ئەو توندوتیژیانەی ئەنجامدراون بەتایبەتی لەلایەن داعش، بەڵام بەهۆی چاوپۆشیەکانی حکومەتی عێراقی لەو هێرشانەی لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و حەشدی شەعبی، لە 2016 دووبارە USCIRF پێشنیار دەکات بۆ حکومەتی ئەمریکا بۆ ئەوەی عێراق دیاریبکات وەکو "وڵاتی قەلەقی سەرەکی" یان CPC لەژێر یاسای نێودەوڵەتی ئازادی ئاینی 1998 (IRFA). USCIRF پێشنیاری CPC بۆ عێراق دەکات لە 2008ەوە. عێراقی دوای سەدام تا ئێستا پێشنیاری CPC نەکراوە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە.

### باکگراوند

عێراق ڕوبەڕوی گرژی تایفی بۆتەوە کە کاریگەری هەبووە لەسەر کەشی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە ئاینیەکانی وڵات. لەژێر دەسەڵاتی سەدام حوسێن، حکومەتی عێراق بەردەوامبوو لەسەر کارەکانی تۆقاندن و تیرۆر لەکاتێکدا کە لایەنگری کەمینە موسوڵمانە سونیەکانی دەکرد کە لە سەدا 35ی دانیشتوانی وڵات پێکدەهێنن. دوای ڕوخانی سەدام حوسێن لە 2003، نوری مالیکی، سەرۆك وەزیرانی عێراقی لە ساڵانی نێوان 2003 و 2014، هەڵسوکەوتی زۆردارانە و تایفی کرد و ڕەفتارەکانی بەمشێوەیە بوو. ئەو شکستی هێنا لە دابەشکردنی دەسەڵات و دروستکردنی هاودەنگی لەنێوان موسوڵمانە شیعە و سونەکان، کە ناوچە سونی نشین و سیاسەتمەدارە سونیەکانی کردە ئامانج سونە موسوڵمانەکانی دورخستەوە لە حکومەت و سوپا. لەدوای دەست لەکارهەڵگرتنی مالیکی، سەرۆك وەزیران حەیدەر عەبادی هەوڵیدا بەڵام تائێستا سەرکەوتوونەبووە بۆ لەناوبردنی گرژیە تایفیەکان، هەرچەندە هەوڵی ئەوەیداوە کە سونەکان بەشدار پێبکات لە حکومەت و هەروەها بەشداریان پێبکات لە سوپا. حەشدی شەعبی و میلیشیا شیعەکان کە پشتیگیریدەکرێن لەلاین ئێرانەوە و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتدا کاردەکەن هەوڵەکانی عەبادیان قورسترکردوە بۆ نەهێشتنی گرژیەکانی نێوان سونە و شیعەکان لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

ئەم باکگراوندە یارمەتیدەربوو لە دروستکردنی ئەو بنەمایانەی کە ڕێگای بە گەشەکردنی داعشدا و وایکرد کە کۆنترۆڵی ڕووبەرێکی زۆر بکات لە باکور و ناوەڕاستی عێراق. هەنگاوە سیاسیەکانی سەدام حوسێن و نوری مالیکی گومانێکی ئەوتۆیان دروستکرد لەنێوان دانیشتوانی زۆرینە شیعە و کەمینە سونەی عێراق کە ئەمڕۆ کاریگەرە لەسەر عێراق. دانیشتوانە سونەکە متمانەیان بە حکومەتی عێراق نیە، و بە گومانن لەوەی کە حکومەت بیەوێت بەشداری بە سونەکان بکات لە پۆستە باڵا حکومی و سەربازیەکاندا. سەرەڕای ئەوەش، دانیشتوانە سونەکە کە ڕقیان لە داعشە ترسیان لەوە هەیە کە حکومەتی عێراق نەیانپارێزێ. کەمایەتیە ئاینیەکان، بەتایەتی دانیشتوانە یەزیدیەکان، بەگومانن لە ویست و توانای حکومەتی عێراق بۆ پاراستنیان لە داعش. ئەم ئاستەی بێمتمانەیی لەنێوان کەمایەتیە نەتەوە و ئاینیەکان بڕوانەبوونی ئەم گروپانە بە حکومەتی عێراق بوەتە هۆی زیادبوونی گرژیە تایفیەکان، کەمکردنەوەی ئیستیقرار و دروستکردنی گومان لەوەی کە ئازادی ئاینی و مافەکانی مرۆڤ دەبنە پێشینەی حکومەت و هەر حکومەتیش پارێزگاریان لێدەکات.

لە 2014ەوە، هەرێمی کوردوستان و حکومەتەکەی ڕۆلێکی گرینگیان گێڕا دابینکردنی شوێنێکی سەلامەت بۆ کەمەیاتیە ئاینیە هەڵاتوەکان لە پێشڕەویەکان و هێرەکانی داعش. دانیشتوانی هەرێمی کوردوستان نزیکەی 5.2 ملیۆن کەسە. لەسەرەتای دروستبوونی داعش و ململانێکانی سوریا، 1.8 ملیۆن پەناهەندەی سوری و کەسانیتر لە پارچەکانیتری عێراق کۆچیان کرد بەرەو هەرێمی کوردستان، بە زۆرکردن لەتواناکانی بۆ دابینکردنی یارمەتیە مرۆیی و خزمەتگوزاریە پێویستەکان. فشارەکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ کەمایەتیەکان کە لە هەرێمەکەدا جێگیربووبوون بوە هۆی زیاتر ئاڵۆزکردنی پەیوەندیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا.

هەتاکو پێش سەرهەڵدانی رێکخراوی داعشیش ، بچوکترین کەمینە ئاینیەکانی ووڵات کە بریتین لە کاسۆلیك و کریستیانی ئۆرسۆدۆکس و پرۆتستانت و یەزیدیەکان و سابیئەی مەندەیی تەنها ئامادەبوونێکی زۆر کەمیان هەبوو. پێش ساڵی 2003 ، رێژەی نامسوڵمانەکان تەنها سەدا 3ی دانیشتوانی عێراق بوون. لە ساڵی 2013 ژمارەی کریستیانەکان بە 500,000 دەخەملێنرا کە نیوەی ئەم ژمارەیە کە لە ساڵی 2003 وە دەخەمەڵێنرا - و ئەمڕۆ، هەندێ لە سەرکردە کریستیانەکان دەڵێن کە ژمارەکە کەمە و لەنێوان 250,000 بۆ 300,000 کەسە. هەروەها لە ساڵی 2013 یەزیدیەکان رایانگەیاند کە ژمارەی دانیشتوانیان لەوەتەی 2005 وە نزکیەی 200,000 بۆ 500,000 کەم بۆتەوە، وە دانیشتوانی سابیئەی مەندەییش رایانگەیاند کە سەدا 90 ی خەڵکەکانیان وڵاتیان بەجێهێشتوە یان کوژراون وە تەنها چەند هەزارێکیان ماون. قەبارەی ئەم کەمینانە بەردەوام لە کەمبونەوەدایە لەم کاتەی قەیرانەکان لە عێراق قوڵتر دەبنەوە لەگەڵ کوژرانی زۆرێك لە ئەندامەکانی بچوکترین گروپە کەمینەکان، دەرکردنیان لە وڵات یان ئاوارەبوونیان بۆ بەشەکانیتری وڵات، بەتایبەتی لەوکاتەوەی کە داعش پێشڕەویکرد لە باکوری عێراق لە 2014ەوە.

## باری ئازادی ئایینی 2015-2016

***پێشێلکاریەکانی داعش:*** داعش مەترسیە بۆ سەر هەرێم، چەسپاوی عێراق، و مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە ئاینیەکان بۆ هەموو عێراقیەکان. ئایدۆلۆجیە سیاسی و توندوتیژیە ئاینیەکانی داعش هیچ چانسێك ناهێڵێتەوە بۆ فرە ئاینی و یان بیروڕای جیاواز و ڕادەربڕین. ئەم گروپە بە ئەنقەست هەڵساوە بە وەدەرنانی گروپە کەمینەکان لە زێدی باو باپیرانیان، زۆرلێکردنیان بۆ هاتنە سەر ئەو ڤێرژنە ئاینەی کە داعش پەیڕەوی دەکات، بەکۆیلەکردن و دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتان و منداڵان، وە ئەشکەنجەدان و کوشتنی ئەندامەکانی گروپەکان بە بەردبارانکردن، کارەبا و سەر بڕین. داعش هەموو گروپە کەمینە ئاینیەکانی عێراقی کردووەتە ئامانج; بەردەوامی کردەوەکانیان لەوانەیە ببێتە هۆی کۆتاپێهێنانی گروپە ئاینیەکان لە باکوری عێراق. دوای ماوەی ڕاپۆرتنووسین، لە 17ی ئاداری 2016، سکرتێری ئەمریکا جۆن کێری ووتی، بە بۆچونی خۆی، داعش "بەرپرسە لە ئەنجامدانی جینۆساید لە دژی ئەو گروپانەی کە دەژین لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵیاندا، بە یەزیدی، کریستیان شیعەکانەوە و بۆ تاوانەکانیان دژ بە مرۆڤایەتی و نەتەوایەتیەکان کە ڕووبەڕوی ئەم گروپانە کراوەتەوە لەهەندێك حاڵەتدا و هەروەها دژ بە سونەکان، کوردەکان و کەمینەکانیتر."
داعش تاوانی زۆر قێزەونی ئەنجامداوە بەرامبەر گروپی یەزیدیەکان، گروپێکی ئاینی بچووك کە پێیان دەوترێ "شەیتان پەرستەکان" و حیسابی "کەسانی خاوەن کتێب" (بیروباوەڕی ئیبراهیم)یان بۆ ناکرێت. ڕاپۆرتێکی مۆزەخانەی یادەوەری هۆلاکۆست لە ئەمریکا لە 2015 ئەوەی دۆزیەوە کە داعش جینۆسایدی ئەنجامداوە لەدژی گروپی یەزیدیەکان لە هاوینی 2014. بەگوێرەی وتەی شایەتحاڵە ڕزگاربووەکان، داعش دوو بژاردەی داوە بە یەزیدیەکان: گۆڕینی ئاین یانیش مردن.

دۆکیومێنتەکانی ئەم مۆزەخانەیە ئەوە نیشاندەدەن کە بە لایەنی کەمەوە 1,562 یەزیدی کوژراون لە هاوینی 2014، بەوانەشەوە کە مردوون لە چیای سنجارەوە بەهۆی برسێتی و تونیەتیەوە. بەگوێرەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەلایەنی کەمەوە 16 گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵدراونەتەوە لە دەوروبەری سنجار کە پاشماوەکان بە قوربانیە یەزیدیەکان مەزندە دەکرێن. ئافرەت و کچە یەزیدیەکان ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی، بەندەی سێکسی، لێدان و بەزۆر هاوسەرگیری لەگەڵ شەڕکەرەکانی داعش بوونەتەوە. لە مانگی کانونی دووەمی 2016، UNAMI و OHCHR دەریانخستووە کە داعش 5,838 کەسیان فڕاندووە لە مانگی ئابی 2014ەوە: 3,192 ئافرەت 2,646 پیاو.

داعش هەروەها گروپە کریستیانەکانیشی بەئامانجگرتووە. لە مانگی ئابی 2015، وەزیری بەرگری عێراق، خالید عوبێدی ووتی کە داعش 2,000 کەسی عێراقی کوشتووە لە ناوچە کریسیاننشینەکانی موسڵ لە مانگی کانونی دووەم تاوەکو ئابی 2015، وە زیاتر لە 125,000 مەسیحی کۆچپانکرد بۆ هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی ژیانیان. لە کەرکوك، داعش کەنیسەکانی وەکو بارەگاکانی خۆی بەکارهێنا و گۆڕەکانی لەناوبرد، هەروەها پەرستگا ئاشوریەکانیشی لەناوبرد. لە کۆتایی کانونی دووەمی 2016، ڕاپۆرتەکان بڵاویان کردەوە کە داعش کۆنترین پەرستگای کریستیانەکانی لە عێراق وێرانکردووە، پەرستگای سەینت ئێلیجا لە هەولێر، کە شوێنێکبوو بۆ پەرستن بەکاردەهات بۆ ماوەی زیاتر لە 1,400 ساڵ، وە مەزەندە دەکرێ کە تێکدانەکە ئەنجامدرابێ لەماوەی نێوان ئاب بۆ ئەیلولی 2014.

سەرەڕای ئەوەش، قوربانیەکانی داعش بریتین لە هەردوو شیعە و سوننەکان. ئەم گروپە بەرپرسیارێتی خۆی نیشانداوە لە ژمارەیەك تەقینەوە و هێرشیتر لە وڵاتدا کە ئامانجیان کوشتنبووە لە هەردوو گروپ. داعش شیعەکان بەبێ جیاکاری دەکوژێ لەڕێژای تەقینەوە و ڕێگاکانیتری کۆمەڵکوژی، بەڵام بەرامبەر سونەکان، ئەو گروپ و سەرکردانە دەکاتە ئامانج کە دژ بەم گروپە دەوەستنەوە و دەبنە هەڕەشە لەسەریان. بۆ نمونە، لە تەمووزی 2015، 115 شیعە کوژران لە خان بەنی سەعد، باکوری بەغدا و لە ئاب، 67 شیعە کوژران لە بازاڕی جەمیلە لە نزیك شاری سەدر. لە تەمووز، 22 ئەندامی سونی هۆزی جبور کوژران لە باکوری موسڵ و لە تشرینی یەکەم، داعش 70 ئەندامی سونی لە هۆزی ئەبو نەمر کوشت لە پارێزگای ئەنبار.

***پێشێلکاری حکومەتی عێراق:*** لە دانیشتنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 2015، سەرۆك وەزیران عەبادی ڕایگەیاند کە حەشدی شەعبی بەشێکە لە حکومەتی عێراق بە فەرمی، هەرچەندە سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، حەشدی شەعبی بە سەربەخۆییەکی زۆرەوە کارەکانی ئەنجامدەدات. سەرکردە ئاینیەکان، وەکو ئایەتوڵا عەلی سیستانی، باڵاترین سەرکردەی شیعی عێراق، بەفەرمی داوای لە حکومەتی عێراق و سەرۆك وەزیرانکرد بۆ ئەوەی زیاتر کۆنترۆڵی چالاکیەکانی حەشدی شەعبی بکەن. سەرەڕای ئەمەش، عەبادی بەلایەنی کەمەوە 1 ملیر دۆلاری لە بودجی گشتی وڵات تەرخانکرد بۆ حەشدی شەعبی و بەبەردەوامیش باسی ئەم گروپە دەکات لەکاتی شەڕەکانی عێراق دژ بە داعش.

هەرچەندە حەشدی شەعبی هێزێکی سەربازی کاریگەرن لە شەڕکردن دژ بە داعش، ئەو میلیشیا شیعیەکان کە لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندان (وەکو کەتیبەکانی بەدر، لیگی ڕاسترەوەکان، بەتاڵیۆنەکانی حیزبوڵا، و بەتاڵیۆنەکانی ئیمام عەلی) هەروەها تاوانبارن بە ئەنجامدانی توندوتیژی تایەفی دژ بە سونەکان و ئەوانیتر. بە پشت بەستن بە ڕاپۆرتەکان، دوای گرتنەوەی تکریت لە مانگی ئاداری 2015، میلیشیا شیعەکان بەسەدان بینایان ڕوخاندووە لە گوندە سونە نیشینەکان لە گەڕەکەکانی دۆر، بو عەجیل، و عەلەم. هەروەها 200 پیاوی سونی فڕێندران. لە ناوەڕاستی مانگی کانونی دووەمی 2016 لە میقدادیە، میلیشیا شیعەکان 6 مزگەوتی سونان تێکدا و سوتاندیان لەگەڵ بازاڕێکی سونی. هەروها کوشتن ئەنجامدرا لە گەڕەکە سونی نشینەکان و لەگەڵ کوشتنی دوو ڕۆژنامەنووسی کەناڵی تەلەفزیۆنی شەرقیە کە بەلایەنگری سونە دادەنرێت. لە کۆتایی مانگی کانونی یەکەمی 2015، ئەوە وترا کە حەشدی شەعبی گێچەڵ بە ئافرەتە کریستیانەکان دەکەن ئەوانەی کە قژیان بە چەفیەی ئیسلامی داناپۆشن. کریستیانەکان لە بەغدا وتیان کە حەشدی شەعبی پۆستەری لەسەر کڵێسا و گەڕەکە کریستیاننشینەکان هەڵواسیوە و کە داوا لە ئافرەتەکان دەکات سەریان داپۆشن و هەندێ لە کریستیانەکان هەڕەشەیان لێکراوە کە نابێ یادی کریسمس و سەری ساڵی زاینی بکەنەوە و نابێ گاڵە بە شەهیدەکانی داعش بکەن کە کوژراون لە شەڕی دژ بە داعش. گروپەکانی مافی مرۆڤ داوایان لە حکومەت کرد کە سنورێك دابنێت بۆ حەشدی شەعبی و لایەنە تایفیە حکومیەکانیتر کە تاوانبارن بە ئەنجامدانی ئەشکەنجە، کوشتنی نایاسایی، ڕفاندن و تۆقاندنی ئەوانەی کە شیعە نینە بە تایبەتی کەسە سونەکان.

***کێشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:*** هێزەکانی پێشمەرگەی کوردی لە پێژەوەی بەرەکانی جەنگدان لە شەڕی دژ بە داعش لە باکوری عێراق و زیاتر لە 1.8 ملین کەس لە سوریا و پارچەکانی تری عێراق ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون. هەرچۆنێک بێت، لە کۆتایی ماوەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو نەبووە لە جێکردنەوەی کەمینەکان لە سیستەمی بەڕێوەبردنیدا. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، کورسی پەرلەمانی تەرخاننەکراوە بۆ عەرەب، یەزیدی، کاکەیی یان کەمینەکانیتر لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان. هەروەها پۆستی وەزاریش تەرخاننەکراوە بۆ کەمینەکانیتر کە ببێتە هۆی پێدانی پۆست بە کەسایەتیە لێهاتووەکانیتر لەو گروپانەی کە کورد نینە.

### سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان

سەرهەڵدانی داعش لە مانگی حوزەیرانی 2014 وایکرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتر بێتە ناو عێراقەوە. هەوڵەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گروپە تیرۆریستەکان و مەترسیەکانی سەر عێراق بوو و بۆ دەستپێکردنی هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو حکومەتی بەغدا و هەرێمی کوردستان و لەگەڵ هێزە سەربازیەکانی ئەم دوو حکومەتە، هێزە ئەمنیەکانی عێراق و پێشمەرگە. یارمەتیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان فراوانبوو هەر لە سەرکردایەتیکردنی هاوپەیمانێتی دژی داعش بۆ ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی تاوەکو زیادکردنی تواناکانی هاوپەیمانەکانی. هاوپەیمانێتی دژ بە داعش، لە 65 وڵات پێکدێت کە لەناویاندا ئوستراليا، بەحرەین، کەنەدا، فەرەنسا، ئوردون، عەرەبستانی سەعوودی، تورکیا، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، شانشینی یەکگرتوو، و ویلایەتە یەکگرتووەکان هێرشی ئاسمانی ئەنجامدەدەن. لە مانگی ئەیلولی 2014ەوە، زیاتر لە 10,000 هێرشی ئاسمانی ئەنجامدراوە، بەلایەنی کەمەوە 7,000 لەو هێرشانە لە عێراق ئەنجامدراون لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە. لە مانگی کانونی یەکەمی 2015، ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە 100 کەس یەکە سەربازیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەنێرێت بۆ ئەنجامدانی هێرش، کۆکردنەوەی زانیاری، ئازادکردنی فڕێندراوان، و دەستگیرکردنی سەرکردەکانی داعش. زیاتر لەوە، هاوپەیمانێتی دژی داعش 6,500 کەسیان لە سوپا ناردووە بۆ عێراق، کە 3,500 کەسیان ئەمریکینە. لە ئابونەی ڕاهێنان و پڕچەککردنی عێراق (ITAF)، ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتر لە 1.6 ملیار دۆلاری تەرخانکرد بۆ ڕاهێنانی هێزە ئەمنیەکانی عێراق و پێشمەرگە، هەروەها پۆلیسی عێراق و شەڕکەری هۆزەکان; دابینکردنی ماشێنی گواستنەوەی سەربازی، چەکی سووك و قورس; وە هەماهەنگی ئاسمانی. هەروەها گروپی 7، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش ئەندامە تێیدا کاردەکەن بۆ ڕێگریکردن لە چوونی بیانیەکان بۆ ناو داعش و ئەنجامدانی هەماهەنگی نێودەوڵەتی بۆ وەستاندنی داعش لە پەلکێشکردنی شەڕکەر بۆ ناو ڕێکخراوەکەیان.

لە ساڵی 2015، ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتر لە 623 ملیۆن دۆلاری دابینکردن بۆ عێراق بۆ یارمەتیە بۆ مرۆییەکان، کە ئەوانەشی دەگرتەوە کە جێگیربوونە لە هەرێمی کوردستان. ئەم هاوکاریانە یارمەتیدەری چالاکیەکانی هەندێ بەش بوون وەکو وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، یەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی، کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور (ICRC)، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ (IOM)، هاوکاری منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNICEF)، ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هامەهانگی کاروبارە مرۆییەکان (OCHA)، هاوکاری دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNFPA)، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO)، پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP)، وە کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR)، لەنێوان ئەو ڕێکخراوانەن. ئەو هەوڵانەی کە هاوکاریان کراوە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بریتین لە هەماهەنگی کەمپ، هاوکاری تەندروستی و پزیشکی، پڕۆژەکانی فێرکردن، هاوکاری خواردەمەنی، هاوکاری دەرونی، بایەخپێدانی شێڵتەر، وە گەشەپێدانی گوزەران. هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکان بەردەوامە لە ڕاگواستنی پەنابەرە عێراقیەکان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان. بەگوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی دەرەوە، 12,676 عێراقی ڕاگوێزراون بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە 2015، کە ئەم ژمارەیەش دوای پەناهەندانی بورماوە دێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکان بەردەوامە لە کارکردن لەگەڵ سەرۆك وەزیران عەبادی بۆ هاندان بۆ دروستکردنی حکومەتێك کە پێکهاتبێت لە هەموو کەمینە نەتەوایەتی و ئاینیەکانی عێراق. سەلیم جبوری، سەرۆکی پەرلەمان کە سونەیە، لەگەڵ عەبادی بەردەوامبووە لەکارکردن بۆ باشترکردنی پەیوەندیەکانی نێوان شیعە و سونە، ئەم دوانە بەوە ناسراون کە پەیوەندیان توندوتۆڵترە وەك لە پەیوەندیەکانی نێوان مالیکی و سەرۆکی پەرلەمانی سونەی پێشوو، ئوسامە نوجێفی. زیاتر لەوە، لە ساڵی 2014، عەبادی هەڵسا بە دەستنیشانکردنی خالید عوبێدی، کەسێکی سونەیە، وەکو وەزیری بەرگری بۆ ڕابەرایەتیکردنی شەڕی دژ بە داعش. هەروەها ژمارەیەکی دیار لە فەرماندە سونیەکان دەستنیشانکران بۆ شەڕکردن دژی ئەو گروپە لە

رومادی.  ئەم هەوڵانە بووە هۆی زیادکردنی متمانە لەنێوان گروپی سونە، بەتایبەتی سەربازانی سونە، وە سوپای عێراقی، هەروەها پەیوەندیە تایەفیەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێش چوون دوای ئەزموونی پێشتری سونەکان لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی پێشوو نوری مالیکی و کارە بەردەوامەکانی هێزە چەکدارە پشتگیریکراوەکان لەلایەن حکومەت وەکو حەشدی شەعبی.

ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی 2015 زیاتر لە 52.49 ملیۆن دۆلاری خەرجکردووە لە عێراق بۆ باشترکردنی شێوازی حوکمڕانی، کارکردن بەپیاسا و مافەکانی مرۆڤ، کێبرکێی سیاسی و گەشەپێدانی گشتی، وە پرۆگرامەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.  ویلایەتە یەکگرتووەکان بەردەوامبوو بۆ دابینکردنی هاوکاری دارایی بۆ پرۆژەکانی سەبارەت بە کێشەی کەمینەکان.  پرۆگرامی هاوکاری کەمینەکان لە عێراق (SMI) نمونەیەکی ئەم پرۆژانەیە.  پرۆگرامی هاوکاری کەمینەکان لە عێراق هەماهەنگی دەکات لەگەڵ سەنتەرەکان لە عێراق بۆ ڕاهێنان و دابینکردنی هاوکاری بۆ گروپە کەمینەکانی وڵات بۆ ئەوەی بتوانن باشتر نوێنەرایەتی خۆیان بکەن لە کۆمەڵگەی مەدەنی، دیاریکردنی کێشەکێشە بڵاوەکان، و بەهێزکردنی ئافرەتان لەڕووی داراییەوە.

**ڕاسپاردەکان**

جگە لە ڕاسپاردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دیاریکردنی CPC و USCIRF، پێشنیاردەکات کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە:

- داواکردن یان پەسەندکردن لەلایەن دەستەی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە توندوتیژیەکانی داعش لە عێراق و سوریا دژ بە کەمینە نەتەوایەتی و ئاینیەکان، هەروەکو ئەو شێوازەی کە باکارهات لە سوودان و لیبیا، یان هاندانی حکومەتی عێراق بۆ ڕازیبوون بە دەسەڵاتی دادوەری ICC بۆ لێکۆڵینەوە لە توندوتیژیەکانی داعش لە عێراق دوای حوزەیرانی 2014 ;
- هاندانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، لە کۆبوونەوە نێودەوڵەتیە بەردەوامەکان، بۆ کارکردن بۆ گەشەپێدانی پێوانەکانی پاراستن و یارمەتیدانی کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکانی هەرێمەکە، بە زیادکردنی یارمەتیە مرۆییە بە پەلەکان، ڕاگۆێزانی ئەوانەی لە دۆخێکی زۆر خراپدان بۆ وڵاتانی سێیەم، هاوکاریکردنی زیاتری ئەوانەی پەناهەندەن و خوازیاری ئەوەن کە لە داهاتوودا بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان لەدوای ململانێکاندا;
- گەشەپێدان بە پلانێکی فراوانی حکومی بۆ پاراستنی کەمینە ئاینیەکان لە عێراق و فەراهەمکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆیان بۆ گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکەیان ; دروستکردنی گروپەکانی ئازادی ناو عێراق لەگەڵ گروپە دەرەکیەکان و حکومەتکانی تر;
- دانانی ئەو مەرجە بۆ گشت هاوکاریە سەربازی و ئەمنیەکان بۆ عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هێزە ئەمنیەکان ڕەنگدانەوەی فرەیی نەتەوەیی و ئاینی وڵاتن، وە ڕاهێنانیان لەسەر ستاندەری مافەکانی مرۆڤ و و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ خەڵکی مەدەنی، بەتایبەتی کەمینە ئاینیەکان;
- زۆرکردن لە حکومەتی عێراقی بۆ ڕێگریکردن لە حەشدی شەعبی لە خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سونانە و کەمینە ئاینیانەی کە شەڕکەرنینە، وە لێکۆڵینەوە و سزادان لە کاتی هەبوون و سەرهەڵدانی توندوتیژی;
- زۆرکردن لە لایەنەکان بۆ زامنکردنی پاراستنی مافەکانی گشت عێراقیەکان و کۆتاپێهێنان بە جیاوازیکردن وەکو بەشێك لە گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان، وە زۆرکردن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو توندوتیژیانەی کە لەلایەن هێزە کوردیەکانەوە ئەنجامدەدرێن بەرامبەر کەمینەکانی ئەم ناوچانە;
- بەردەوامبوون لە پێدانی ئەرك بە کارمەندانی باڵیۆزخانە بۆ کارکردن لەگەڵ گروی کەمینە ئاینیەکان، وە کارکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق و ئەم گروپانە و نوێنەرە سیاسی و مەدەنیەکانیان بۆ یارمەتیدانیان بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێك

لەسەر ئەوەی کە چ پێویستە بکرێت بۆ زامنکردنی مافەکانیان و ئاسایشیان لەم وڵاتەدا; وە

- پرۆگرامی تەرکیزی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر بڵاوکردنەوەی ئازادی ئاینی و پێکەوەژیان و دڵنیابوون لەوەی کە گروپە تێکەڵاوەکان سوود وەردەگرن لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و یارمەتی گەشەسەندنی نێودەوڵەتی.

کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە:

- ئاماژە پێدان لە بودجەی ساڵی 2017 وەزارەتی دەرەوە، ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوە، وە پرۆگرامەکانی هاوشێوەی لێسەندنەوەی بیڵ، یان لە ماشێنی گونجاویتر، لێکنزیککردنەوەیەك کە ڕێگابدات بە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان هاوکاری دارایی تەرخانبکات بۆ هاوکاری جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، یان کەیسەکانی تاوانەکانی جەنگ کەیس بە کەیس وە لەکاتێکدا کە ویس هەبوو لە ئاستێکی نیشتیمانیدا بۆ پێدانی هاوکاریەکی لەمجۆرە.